عێراق داوا لە نەمسا دەکات گێشتە ڕاستەوخۆکانی نێوان بەغدا و ڤیێننا بکاتەوە



ئەمڕۆ شەممە فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، داوای لە نەمسا کرد، هێگای فیینی ڕاستەوخۆی نێوان بەغدا و ڤیێننا بکاتەوە.

بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوە کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ئاماژەی بەوە کردووە : کە فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە لە پەراوێزی 62مین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لەگەڵ وەزیری ناوخۆی نەمسا جەرارد گارنکە و شاندی یاوەری کەبووە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە : لە کەبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە کراوە، لەوانەش هێکارەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەپێی مەرجە دەستووریێکان، هەروەها دەخی گشتی هێژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان لە سووریا.

بەگوێرەی بەیاننامەکە حسێن ستایشی پێشکەوتنی ئێرانی لە پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەستدا کردووە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرهێنگاربوونەوەی تیرۆر، کێچ و تاوانە هێکخراوەکان، جەختی لەسەر گرنگی بەهێزکردنی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و هاوکاری هاوبەش کردووەتەوە.

وەزیری دەرەوە داوای دەستپێکردنەوەی گشتە ڕاستەوخۆکانی نێوان بەغدا و ڤیێننا بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی بەرچاوی ئاسایشی عێراق، کە یارمەتیدەر دەبێت بە بوژاندنەوەی گشت و ئاوەدانی ئابووری و

گشتیاری لە نێوان هەردوو وڵاتدا.

لای خۆیەوە گارنەر ڕێزامەندی خۆی لە ئاستی هاریکاری نێوان عێراق و نەمسا دەربڕی، پشوازی لە بانگهێشتی فوئاد حسێن وەزیری دەرەوە بۆ سەردانی عێراق و کۆبوونەوە لەگەڵ عەبدولئەمیر شمری وەزیری ناوخۆ و بەرپرسانی دیکەی پێیوەندیدار، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاریی دووقۆڵی لە بواری جیاجیاکانی بەرژەوەندی هەردوولا.